حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر

حكومة إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
مكتب الوزير

ISO 9001 : 2015

ژمارە: ١٣٨
ڕێکەوت: ٢٦/ ڕەشەمێ/ ٢٧٢١ کوردی

العدد: ١٣٨
التأريخ: ٢٠٢٢/٣/١٧

## فەرمانی وەزاری

**ئامـاژە بە بڕیارەکـانی کۆبـوونەوەی ئەنجـومەنی وەزارەتـی پەروەردە، ڕۆژی سێشـەممە، ڕێکەوتـی ٢٠٢٢/٣/١٥ بڕیارماندا بە:**

**یەکەم: گرنگیدان بە زمانی کوردی لە قوتابخانە ناحکومییەکان (سیستمی وەزارەتی پەروەردە و سیستمی نێودەوڵەتی):**

١- بەڕێـوەبەرایەتی گشـتیی پرۆگرامەکـان ڕاسـپێردرا بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) بەشـەوانەی زمـانی کـوردی لە قوتابخـانە نـاحکومییە نێودەوڵەتییەکـان پێـداچوونەوەی پێـدا بکرێـت بەجۆرێـک کە زیـاتر بێـت لە ژمارەی ئەو بەشەوانانەی کە لە ئێستادا هەن بۆ خوێندنی زمانی کوردی.

٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئەزموونەکان ڕاسپێردرا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی زمانی کوردی بۆ قوتابیان و خوێندکاران لەقۆناغی بنەڕەتی لە ناوەنـدەکانی خوێنـدنی ناحکومی.

٣- بەڕێـوەبەرایەتی گشـتیی سەرپەرشـتیکردنی پەروەردەیـی ڕاسـپێردرا بـۆ چـاودێری و سەرپەرشـتیکردن و دڵنیـابوون لە خوێنـدنی زمـانی کـوردی سیسـتمی وەزارەتـی پەروەردە لە قوتابخـانە نـاحکومییە خۆمـاڵی و نێودەوڵەتییەکان، تەنها ئەو کتێبانەی زمانی کوردی ڕێگەی پێدەدرێت لە قوتابخانە ناحکومییەکان بخوێندرێت کە لە قوتابخانە حکومییەکان دەخوێندرێت.

٤- مامەڵەی مامۆستایانی زمانی کوردی قوتابخانە ناحکومییە **(خۆماڵی و نێودەوڵەتییەکان)** لەڕووی مووچە و شایستە داراییەکانیان بەرامبەر مامۆستایانی بابەتەکانی دیکە دەبێت مامەڵەیەکی دادپەروەرانە بێت و بەگوێرەی ژمـارەی بەشـەوانە و خـزمەت بێـت و بەڕێـوەبەرایەتی گشـتیی سەرپەرشـتیکردنی پەروەردەیـی ڕاسـپێردرا بـۆ چاودێریکردنی ئەم بابەتە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) وە.

**دووەم: گرنگیدان بە زمانی کوردی لە قوتابخانە حکومییەکان:**

١- لەمانگی نیسانی ٢٠٢٢ کۆنفرانسێکی زانستی بۆ کتێبی ئەلف بێی زمانی کوردی ئەنجامبدرێت.

٢- پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئەزموونەکان پێداچوونەوە بکات بە شێوازی ئەنجامدانی هەڵسـەنگاندن و تاقیکردنەوەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) بەجۆرێک بێت کە شێوازی نووسین ڕێژەکەی بەرزبکرێتەوە بۆ

زیاتر لە (٨٠ %)، لەهەڵسانگاندن و هەموو تاقیکردنەوەکان بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن جگە لە تاقیکردنەوەی نیشتمانی و وەزاری پۆلی ٩ ی بنەڕەتی و ١٢ ی ئامادەیی.

٣- بڕیاردرا لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)وە بۆ پۆلی ١ تا ٣ ی بنەڕەتی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ مامۆستایانی زمانی کوردی ئەنجام بدرێت.

**سێیەم: سەبارەت بە بابەتەکانی (کۆمەڵایەتی) و (کارامەییەکان) لە قوتابخانە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەت بۆ خوێندنی مێژووی کوردستان لەو ناوەندانەی ئامازەی پێ کراوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی ناحکومی ڕاسپێردران کە کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە ناحکومییە نێودەوڵەتیەکان ئەنجام بدەن، بۆ دانانی میکانزمێک بۆ خوێندنی ئەو بابەتانە لە ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣ )وە.**

**چوارەم: ڕەشنووسی ڕێنمایی نوێی بەکرێدانی فرۆشگای ناوەندەکانی خوێندن بۆ ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) پەسەندکرا و ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێز دەکرێت.**

**پێنجەم: ڕەشنووسی ستراتیژی پەرەپێدان و ڕاهێنانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە پەسەندکراو ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێز دەکرێت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی.**

**ئالان حمەسعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**
**٢٠٢٢/٣/١٧**

وێنەیەك بۆ:
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران/ بۆ هەماهەنگی و کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان ( ) / بۆ هەماهەنگی و کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەربە دیوانی وەزارەتی پەروەردە ( ) / بۆ هەماهەنگی و کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان/ بۆ هەماهەنگی و کاری پێویست.